# چاوبین ! *

(چاو) ناوە و (بین) ڕەگی چاوگی بینینە ، بە لێکدانی ناو یان ئاوەڵناو لەگەڵ ڕەگەکەدا ناوی مانایی یان ناو و ئاوەڵناو دروستئەبێت وەك: دور– دوربین ، واتە کەسێك کە دور ئەبینێت ، جا یان مەبەست لە بینینی شتە لە دورەوە یان خەملاندن و بیرکردنەوەیە دەربارەی ئاینده ، یان ئامێرێك کە بە هۆیەوە شتی دور ئەبینرێت.

هەر بەو شێوەیەش: ڕێ — ڕێبین ، ورد — وردبین ، گەش — گەشبین ، ڕەش — ڕەشبین و دەیان وشەی تری لەم جۆرە.

ئەوەی کە تا ئێستا نەبیستراوە لە زمانەکەماندا و نەگونجاو و ناقۆڵایە ، (چاوبین)ـە. ئەگەر (خوانەخواستە و قەزا و بەڵا دور) ئەم وشەیەش خزایە ناو زمانەکەمانەوە ، ئەوا ئەچێتە خانەی ئەو وشانەی سەرەوە ، کەواتە (چاوبین) ئەو کەسە ، گیاندار یان ئامێرەیە کە چاو ئەبینێت! ئەمەش تا ئێستا ڕووی نەداوە و بەرۆکی نەگرتووین.

ئەم پێشەکییەم تەنیا بۆ ئەوەیە کە سەرنجتان ڕابکێشم بۆ وشەیەکی (برای) ئەم چاوبینە کە لەم دواییەدا دزەی کردووەتە ناو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی وڵاتەوە و ئەویش (بە ناخێری) وشەی (گوێبیست)ـە.

وەرن با زۆر ساکارانە و لەسەر ڕۆشنایی ئەو وشانەی سەرەوە سەیری ئەم گوێبیستە بکەین. (گوێ) ناوە وەك چاو ، (بیست)یش ڕەگی چاوگی بیستنە ، کەواتە (گوێبیست) مانای کەسێك ، گیاندارێك یان ئامێرێك کە گوێی لە گوێ ببێت! یان گوێ ببیستێت! خەڵکینە .. ئاخرزەمانە! نەك لە کوردییدا ، بەڵکوو لە چ زمانێکی دنیادا مانایەکی لەم جۆرە هەیە کە مرۆڤ (گوێ) ببیستێت یان گوێی لە گوێ ببێت!

لەم دواییەدا لە یەکێك لە بڵاوکراوەکانی وڵاتدا ئەم وشە ئاخرزەمانییەم بینی ، کابرایەك ئەڵێت: (**گوێبیست بووم**)! دیارە ئەیویست بڵێت گوێم لێ بووە یان بیستوومە!

جاران کە دیمەنێکی ناشیرینم ئەبینی ، هێڵنجم ئەدا ، بەڵام ماوەیەکە کە چاوم بەم وشە (ڕەزا قورسانە) ئەکەوێت ، هەر خەریکە هەناوم دێتە دەرەوە. کڵۆڵییەکەی منیش هەر ئەم کێشانەی زمانەکەمان نیە! بەڵکوو کێشەی دۆستەکەشمە! ئەو دۆستەم کە زۆر جار ئەم کێشەی زمانەم بۆ سازئەکات. جارێك بابەتێکی کوردیی (ئەم ڕۆژگارە سەیرەی) خوێندبووەوە ، ئەوەندە پەست بووبوو ، وتی ڕۆژێك وام بەسەردا دێت کە سوێند بخۆم بە هەموو وشەیەکی دانەتاشراو و پەڕوباڵنەکراوی کوردیی کە تا ئەمرم بە کوردیی نەخوێنمەوە و نەنوسم!.. ئیتر خۆشتان ئەزانن کە دڵدانەوە و ئارامکردنەوەی کوردێکی پەست چەند کارێکی گرانە.

بە هەرحاڵ .. خەڵکینە ئەگەر ئەمرۆ (زەلام) هەبێت (**گوێبیست**) ببێت ، بە دوریشی مەزانن کە دوو ڕۆژی تریش (**چـــاوبـــیـــن**) ، (**لـــوتـــبـــۆن**) و (**دەمـــدوو**)ش ئەبێت!.

ئەبێ هۆی چی بێت ئەو خەڵکە (**خوێنەوارە**) ئاوا و لەم سەردەمەدا بە ئارەزووی خۆیان یاریی بە زمانی کوردیی ئەکەن! وشە ئەگۆڕن و پەڕوباڵی ئەکەن و لەخۆوە وشە دائەتاشن! لە کاتێکدا ئەو وشانە دەیان ساڵە نەوەکانی کورد لە باشوری کوردستان بە نوسین بەکاریانهێناوە و زمانی ڕەسمیی حکومەتەکەی شێخی نەمر شامەحمود و قوتابخانە و دامودەزگاکان بووە و بەر لە هەشتاوسێ ساڵیش ، واتە لە نۆڤەمبەری ساڵی 1919 دا (مێجەرسۆن) لە سلێمانی و بۆ یەکەم جار لە مێژووی باشوری کوردستاندا هەر بەم زمانە کوردییە ، یەکەم بڵاوکراوەی بە ناوی (پێشکەوتن)ـەوە دەرکرد.

هەر بەم بۆنەیەشەوە پیرۆزبایی لە ساڵیادی (پێشکەوتن) ئەکەم و ئەڵێم ئەوە (پێشکەوتن)ی ئەو سەردەمە و ئەمەش (پێشکەوتن)ی ئەم سەردەمە و حاڵی زمانەکەمانە!.

* تێبینی: دوای بڵاوبوونەوەی بابەتێکی حەمە سەعید حەسەن لـە (کوردستان نێت) دا ، ئەو بابەتەی سەرەوەم وەك خۆی نارد بۆ (کوردستان نێت).
تەنیا ناونیشانەکەی بابەتەکەیان بڵاوکردەوە ، چونکە کاتێك کە کرتەت ئەکردە سەر بابەتەکەی من ، بابەتێکی کەسێکی تر ئەکرایەوە! نەك ئەوەی من.
ئی مەیلێکم نارد بۆ (کوردستان نێت) و بەو هەڵـەیەیان ئاگادارم کردن. ڕۆژی دواتر ڕاستیان کردەوە و ئیتر کە کرتەت ئەکردە سەر بابەتەکە ، ناوەڕۆکەکەشی دەرئەکەوت ، بەڵام هەر ڕاست نەکرایەتەوە باشتـر بوو ، چونکە سەرچاوە و مێژووی نوسینەکەیان قرتاندبوو.
ئەوەش وای پێشانئەدا کە نوسینەکەی من (پشتگیرییە) لـە بۆچوونەکەی حەمە سەعید.
دوای ئەوە ڕونکردنەوەیەکم نارد بۆ (کوردستان نێت) ، بەڵام تا ئێستاش بڵاویان نەکردووەتەوە ، لـەگەڵ ئەوەشدا کە دوای بابەتەکەی من و ناردنی ڕونکردنەوەکە ، چەند جارێکیش سایتەکەیان (ئاپدەیت) تازە کردووەتەوە!.
لـەبەرئەوە و لـە ڕوانگەی داب و نەریتی ڕۆژنامەگەرییەوە ، بە ناچاریی ئەو بابەتە و ڕونکردنەوەکە ئەنێرم بۆ سایتی تر و بۆ ئەوەی کە ڕاستییەکان لـە خوێنەران ون نەکرێن و نەشێوێنرێن ، ئەوەش یەکێکە لـە بنەما پیشەییەکانی کاری ڕاگەیاندن.

## سوپاس بۆ (دەنگەکان) و جەژنی ساڵی نوێ لـە خۆتان و خوێنەران پیرۆزبێت و بە هیوای ساڵی ئازادیی و سەربەخۆیی کورد و کوردستان

**ئەمە ڕونکردەوەکەیە کە بۆ (کوردستان نێت)م ناردووە و تا ئەمڕۆش (30-12-2004) بڵاونەکراوەتەوە.**

# دیسان چاوبین!

**برای بەڕێز کاك هۆمەر**

**ڕێز و سڵاوم**

برام بابەتەکەمت (چاوبین!) ، ڕاستکردەوە و ناوەڕۆکەکەی (لـینك) کراوە بۆ ناونیشانەکەی ، بەڵام بەداخەوە سەرچاوەی باسەکە و مێژووەکەی (قرتێنراوە) و لـە ڕاستییشدا مەبەستی سەرەکیی لـە ناردنی ئەو باسەدا بۆ ئێوە ، ئەو سەرچاوە و مێژووی نوسینەیە!.
لـە ڕاستییدا من بواری نوسین و خۆخەریککردنم بە شتی هاکەزاییەوە هێجگار سنوردارە و ناردنی ئەو بابەتەش بۆ جەنابتان ، هۆیەکەی بەم جۆرە بوو: شەوی پانزەی ئەم مانگە ، ئاشنایەکم تێلـێفۆنی بۆ کردم و وتی حەمە سەعید حەسەن شتێکی لـە کوردستان نێت دا بڵاوکردووەتەوە و تیایدا (چاوبین و گوێبیست)ی باسکردووە و ئەستێرەیەکیشی لـەتەنیشتیانەوە داناوە و لـە (دامێنی) باسەکەشدا ئاماژەیان بۆ ئەکات کە دوو وشەی هەڵـەن.
منیش وتم بەڵـێ ڕاستە و ئەو جۆرە وشە ڕەزا گرانانە نەك هەر کوردیی نین ، تەنانەت لـە هیچ زمانێکیشدا هاوشێوەیان نیە!
وتی: من مەبەستم ئەوە نیە ، بەڵـکوو مەبەستم ئەوەیە کە دوو ساڵ پێش ئەو نوسینەی حەمە سەعید ، تۆ لـە گۆڤاری بەربانگ دا و لـە گۆشەکەی (زمان)ـەکەتدا لـەسەر ئەو بابەتەت نوسیوە و تەنانەت هەر ناونیشانی باسەکەشت بووە ، بۆیە ئەبووایە حەمە سەعید لـە پەراوێزەکەدا ئاماژەی بۆ ئەو ژمارەیەی گۆڤاری بەربانگ بکردایە!.
منیش وتم: جا برام ئەمە ئەو سەرئێشەیەی ئەوێت؟ تۆ خۆت ئەزانیت کاتێك زیادتر لـە بەرلـە 30 ساڵ من لـە جیاتی (سەلام) ،

(مەرحەبا) و (هەلـەو)ی تێلـێفۆن ، کە ئەموت (ئەم کاتەت باش) ، هەمووتان گاڵـتەتان پێئەکردم و زۆر جاریش بە (ئەم کاتەتان باش) ناوتان ئەبردم ، بەڵام وا ئەمڕۆ بە زۆریی بەکارئەهێنرێت و تەواو جێگیر بووە ، بۆ من ئەمەیان گرنگە و هیچی تر. ئەم (چاوبین و گوێبیست)ـەش بۆمن هەر بەو شێوەیەیە و گرنگ ئەوەیە کە ڕۆشنبیران و خوێنەرانی بڵاوکراوەکان هەست بەوە بکەن کە ئەو وشە و زاراوانە هەڵـەن.

بە هەر حاڵ .. پاش ماوەیەك تێلـێفۆنی کردەوە و وتی زۆر هەوڵمدا و ئەو لاپەڕەیەی گۆڤاری (بەربانگ)م بۆ (سکان) ناکرێت ، تۆ خۆت باسەکەت نوسیوە و بەربانگیش لـە کۆمپیوتەرەکەتدا هەیە ، جا یان بۆم بنێرە ، یان خۆت بینێرە بۆ کوردستان نێت.

برای بەڕێز کاك هۆمەر

من تەنیا ئەو لاپەڕەیەی گۆڤاری (بەربانگ)م بۆ ناردیت و هیچی تر ، تەنانەت هیچ پێشەکییەکیشم بۆ نەنوسی ، ئیتر کە جەنابیشتان بەو شێوەیە بڵاوتانکردەوە ، واتە کە سەرچاوە و مێژووی نوسینەکەتان قرتاند ، وا دەرئەکەوێت کە منیش دوابەدوای نوسینەکەی کاك حەمە سەعید ئەو باسەم نوسیوە و پشتگیرییە لـە بۆچوونەکەی ئەو لـەو بوارەدا ، بەڵام خوێنەرانی کوردستان نێت ئەو ڕاستییە نازانن کە ئەو چاوبین و گوێبیستە ناونیشانی باسێکی منن و پێش دوو ساڵ بڵاومکردووەتەوە.

دوا جار هیوادارم کە ئەم ڕونکردنەوەیە بڵاوبکەیتەوە.

لـەگەڵ ڕێز و سوپاسمدا و هیوادارم کە کاك حەمە سەعیدیش ئەم ڕونکردنەوەیە بە گیانێکی ڕۆشنبیرانەوە ڕەچاو بکات.

بە ڕاست .. لـەوانەیە تا ئەگەڕێیتەوە و ئەم باسە بڵاوئەکەیتەوە ، جەژنەکانی کۆتایی و سەری ساڵـی نوێ دەستیان پێکردبێت! لـەبەرئەوە هەر لـە ئێستاوە ئەو جەژنانە لـە خۆتان و هەموو خوێنەرانی (کوردستان نێت) پیرۆزبێت و بە هیوای ساڵـێکی نوێی ئازادیی و سەربەخۆیی کورد و کوردستان.

هەر بژین و سەرکەوتووبن.

**نەوزاد وەلی** 19-12-2004